# ستراتیژەکانی وەرگێڕانی میتافۆر لە کوردی_ئینگلیزیدا

د.تریفە عومەر ئەحمەد
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان
بەشی وەرگێڕان

م.سازان زاهیر سەعید
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

م.ی.نەرمین عومەر ئەحمەد
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژیزمان
بەشی وەرگێڕان

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ستراتیژەکانی وەرگێڕانی میتافۆر لە کوردی_ئینگلیزی)دا، خستنەڕووی ئەو ڕێگایانەیە، کە بەهۆیانەوە دەربڕاوە میتافۆرییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕرێن، بۆ ئەمەش ستراتیژەکانی (نیدا، سنێڵ، نیومارک، باسنێتو لەفێڤەر) وەک ستراتیژێکی باو وەرگیراون، پاشان جەخت لە ستراتیژەکانی بواری درککردن کراوەتەوە، کە ستراتیژەکانی هەریەک لە (ماندێلبلیت، زوبیو حەسنەوی) لە بواری درککردنی زمانیی بۆ وەرگێڕانی میتافۆر لە زمانی کوردییەوە بۆ ئینگلیزیی، پشتیان پێبەستراوە. توێژینەوەکەش، کە دو بەش لەخۆدەگرێت، بەپێی ڕێبازی پەسنی شیکاریو جێبەجێکەرانە ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەش داتاو نموونەکان لە زمانی کوردیو ئینگلیزییەوە وەرگیراونو ئەزموونکراون.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بەگشتی، خستنەڕووی ڕێگە باوو نوێکانی وەرگێڕانو پەیبردنی وەرگێڕە بەو گرفتە زمانیو کلتورییانەی، دێنە بەردەمیو لەسەر بنەمای زانست هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، ئەمەش وەک دەروازەیەکی نوێو دەستپێکێک بۆ چۆنێتیی وەرگێڕانی واتای نائاشکرا بەتایبەت واتای میتافۆری، پەسندەکەین.

### ١/١ درکپێکردنی میتافۆر

لە پێناسە باوەکەیدا، میتافۆر وەک فۆرمێکی ڕەوانبێژی ناسراوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەرستۆتالیس وەک یەکەم فەیلەسوف میتافۆری بە پارچەک لە شێوەی ئاخاوتنی وێژەیی ناساندوە، بۆ ئەمەش شیعر کرایە کەرەستەی شیکردنەوەی میتافۆر، دواتر زمانزانەکان لە سنوری سیمانتیکدا لە بواری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وێژەوە کشاندیان بۆ بواری ئاخاوتنو هەر لەسەر بنەمای لێکچواندن، میتافۆریان ناساند، بەجۆرێک خەسڵەتێکی لێکچوون لەنێوان لەوچوو لەگەڵ لێچوودا بووە هۆکاری بەرهەمهێنانی میتافۆر، ئەم روانگەیەش لە دوای بانگەشەکردنی بنەماکانی هاوکاریی گرایس ١٩٥٧ گۆڕانکاری بەسەرداهات، لەو ڕووەشەوە میتافۆر وەک لادانو بەزاندنی بنەماکانی گرایس لێکدرایەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، میتافۆر تەنها لەسەر ئاستی سیمانتیک چڕنەکرایەوە، بەڵکو وەک بابەتێکی پراگماتیکیش لێکۆڵرایەوە Moreno, V. & Rosa, E. (2007: 54) و بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠: ١٨_٣٨ ).

دوای سەرهەڵدانی زمانزانیی درککردنو کارکردن لەسەر چەمکە زمانییەکان، میتافۆر بووە بابەتێکی گرنگی ئەم بوارەو ناساندنی میتافۆر لە چەمک concept دا چڕکرایەوە، لەم روانگەیەوە میتافۆر هەڵگری کۆزانینە زمانیو دنیاییو بیرییەکانی مرۆڤە، بەچەشنێک بەو جۆرەی درک بە دونیا دەکات، بەو جۆرەش چەمکە بیرییەکە دادەڕێژێتو لە قاڵبی زمانیی دەدات.

لاکۆفو جۆنسۆن، کە لە بواری زمانزانیی درککردندا کاریان لەسەر چەمکە میتافۆرییەکان کردووە، میتافۆر بە ماددەیەکی سەرەتایی بیرو بزواندنو کەرەسەتەیەکی هەڵگوێزراوی زمانی دەزانن، بەو واتایەی میتافۆر لە زماندا کاردانەوەی نەخشە بیرییەکانی مرۆڤو مامەڵەکردنێتی لەگەڵ مەودا هەستییەکان، هەروەک مەودای خۆشەویستی، رق، دابڕان، ...تاد، ئەمەش بە هۆکاری بڵاویی میتافۆر لە زماندا دادەنێن.

گیبس وەک زمانزانێکی بواری درککردن، میتافۆری بە چەشنێک لە واتای ناپیتی جیادەکردەوە، وێڕای رەخنەگرتن لەم جیاکارییەی گیبس، بەڵام بووە دەروازەیەک بۆ تێڕامانو درککردنی چەمکە قوڵو ئاڵۆزەکانی میتافۆرو پەیبردن بە نزیککردنەوە، زیادەڕۆیی، فراوانکردن، تەسککردنەوە، بەکارهێنانی ئازادانەو ...تاد لە بەکۆدکردنی چەمکە میتافۆرییەکاندا، ئەمەش ئەو ئاڵۆزییەی بە میتافۆر بەخشیوە، کە هەم لە پرۆسەی ئیستیعابکردنو هەم لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانێکی دیکە، پرۆسەیەکی ساناو سادە نەبێت. تریفە عومەر (٢٠١٣) و Dickins, J. (2005: 243)

**١-١/١ وەرگێڕانی میتافۆر**

چالاکییەکی دیاریکراوی نێوان دوو زمانو دوو کلتورە Toury, G. (1978: 200)، هەروەها پرۆسەی ئەفراندنی دەقێکی نوێیە وەک دەقی وەرگێڕراو، یان دەقی مەبەست، کە تەنها پشتبەستوو بە دەقە سەرچاوەییەکە، یان بنەڕەتییەکە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە نیشانە کلتورییەکانی زمانی مەبەستیشەوە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ سەرنجپێدانێکی تایبەتی بۆ قوڵایی بابەتە کلتورییەکان هەبێتو بە دوای گواستنەوەیەکی روونی لایەنە کلتورییەکانی زمانی سەرچاوە بۆ لایەنە کلتورییەکانی زمانی مەبەست بگەڕێت.

دەکرێت دەرکەوتە کلتورییەکان لە کرۆکی فەرهەنگیو سینتاکسیو ئایدۆلۆجیو هەروەها شێوازی ژیان لە کلتورێکی دیاریکراودا هەمەچەشنە بێت، لەبەرئەوە ئەرکی وەرگێڕ لە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەگەرە کلتوریو تێڕوانینەکانی نێوان هەردوو زماندا گراندەبێت، بەتایبەت


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

وەرگێڕانی چەمکە میتافۆرییەکان، کە هەڵگری وێنا جیاوازەکانی کلتورو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانو ئیستاتیکاو درکپێکردنە جیاوازەکانن، لەم ڕوانگەیەوە میتافۆر دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکیی زمان بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی نێوان دەقی سەرچاوەیی‌و دەقی مەبەست. Elsedding, M. A. & Ahmad, M. A. (2016: 46)

نیومارک Newmark کلتور بەو شێوازەی ژیان پێناسەدەکات، کە بانگەشەکانی لە کۆمەڵگایەکدا نەناسراون‌و بەهۆی زمانێکی دیاریکراوەوە دەردەبڕرێت، نیومارک ئەوە دیاریدەکات، کە هەر گروپێکی زمانی، خاوەنی خەسڵەتە دیاریکراوەکانی کلتورە، هەروەها بڕوای وایە، کە ڕێگەنادرێت بە زمان، پێکهاتەیەک، یان خەسڵەتێکی کلتوری بێت. ڤێرمیر Vermer ناڕاستەوخۆ دژیاری ئەم بۆچوونەیە‌و زمان بە بەشێک لە کلتور دادەنێت، بەپێی بۆچوونی نیومارک، بەهای ڤێرمیر لە وەرگێڕاندا ڕەچاوناکرێت، بە پێچەوانەوە دواتر وەگێڕانی زمانی سەرچاوە بۆ فۆرمێکی گونجاوی زمانی مەبەست، بەشێکە لە ڕۆڵی پەیوەندی‌و لەیەکگەیشتنی گواستنەوەی کلتوری. Elsedding, M. A. & Ahmad, M. A. (2016: 46-47)

نیدا Nida لە گرنگیی هاوتاو جیاوازیی نێوان زمان‌و کلتوری لە زمانی سەرچاوەو مەبەستدا کۆڵیوەتەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە جیاوازیی نێوان کلتورەکان زۆر زیاتر لە دروستە زمانییەکان، ئاڵۆزیی بۆ وەرگێڕ دروستدەکەن، بەم چەشنە گرنگیی بەهای دەرکەوتە کلتورییەکان ڕاستەوخۆ لە وشە فەرهەنگییەکاندا ڕەنگدەدەنەوەو بەمەش ئاڵۆزی بۆ وەرگێڕ دێنێتەئاراوە. Nida, E. (1964: 130)

بەپێی تیۆری لۆتمان Theory Lotmans، هیچ زمانێک ناتوانێت ببێت، ئەگەر بە دەوروبەرە کلتورییەکەیەوە بەند نەبێت، وە هیچ کلتورێکیش ناتوانێت ببێت، ئەگەر چەقەکەی لەناو دروستەی زمانە سروشتییەکەیدا نەبێت، باسنێت Bassnett وەها پەیوەندیی نێوان زمان‌و کلتور دەخاتەڕوو، کە زمان دڵێک بێت لەنێو جەستەی کلتوردا. بیرۆکەی زمان لە گواستنەوەی واتادا تەنها وەک پرۆسەیەکی وەرگێڕان دەبینرێت، باسنێت پتر لەم بۆچوونە دەدوێت‌و پێیوایە پێویستە وەرگێڕ بە چەند ڕێگەیەک چارەسەری دەقی زمانی سەرچاوە بکات، کە لەگەڵ جۆری زمانی مەبەستدا بیگونجێنێت، هەوڵدان بۆ سەپاندنی پێڕەوی بەهای کلتوریی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست، زەمینەیەکی مەترسیداری هەیە، چونکە لە کاتی وەرگێڕاندا تەنها کاریگەریی فەرهەنگ لەسەر خوێنەری زمانی مەبەست گرنگ نییە، بەڵکو ئەو شێوازەش گرنگە، کە ڕەنگە شێوە کلتورییەکە بگەیەنێت.

نیداو تابەر Nida & Taber پێیانوایە، ئەو بابەتە گرنگەی لە هاوتایی وەرگێڕاندا پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، هەردوو بابەتی واتاو شێوازە، کە هەر سێ پرۆسەی دیکۆدین‌و دووبارە_کۆدکردنەوەو ئینکۆدین دەگرێتەوە. Elsedding, M. A. & Ahmad, M. A. (2016: 47)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### ٢-١/١ ستراتیجەکانی وەرگێڕانی میتافۆر

دەکرێت ستراتیجەکانی وەرگێڕانی میتافۆر بە گریمانەی نیومارکو سنێل پەسنبکرێت. بەپێی نیومارک دەکرێت هەموو وشەیەک ببێت بە میتافۆر، یان ئەگەری بوونە میتافۆری هەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە واتای بنەڕەتیی هەر وشەیەک ڕووبەڕووی هاوتاکردنی دەوروبەری زمانیو دەوروبەری کلتوری بکرێتەوە. (Bojovic, B. (2014: 75

بەگشتی گرنگترین بیرۆکەی کەرەستە زمانییەکان بە لایەنی شاراوەو ئاشکراوە پەیوەستدەکرێتەوە، بەجۆرێک لایەنی ئاشکرا بۆ سەرچاوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە، لەمەشەوە دەکرێت بیرۆکە شاراوەکان هەڵبهێنجرێن، بۆ نمونە کاتێک مەبەستێک بەهۆی سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە دادەڕێژرێت، ئەمە بریتیەبێت لە دەستنیشانکردنی شێوە دیاریکراوەکانی بیرۆکەو مەبەستەکە، هاوکات دیوی شاراوەشی، هەڵهێنجانی شێوە بیرۆکە جیاوازەکانی دیکەشێتی.

### ٢/١ جۆرەکانی میتافۆر بەپێی پۆلێنکاریی نیومارک (Dickins, J. (2005: 236_237

بەگشتی زمانەوانەکان لەبواری سیمانتیکدا سەرقاڵی توێژینەوەی میتافۆرو دیاریکردنی جۆرەکانی بوونو هەوڵیانداوە بۆ کەمکردنەوەی گرفتە واتاییەکانی بەردەم وەرگێڕان، لە ڕێگەی دیاریکردنی جۆرەکانییەوە بیر لە وەرگێڕانی میتافۆر لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست بکەنەوە، دیارە یەکێک لەو زمانەوانانە (نیومارک)ە، کە میتافۆری بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنکردووە، ئەم پۆلێنکردنەش دەتوانرێت لە بواری وەرگێڕاندا سوودی لێوەربگیرێت، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

#### ١. میتافۆری مردوو Dead metaphor

ئەو جۆرە میتافۆرانەن، کە وێنەکانیان بەزۆریی مارکەلێنەدراون، یاخود بەرهەمهێنانە میتافۆرییەکەیان، هەمان وێنەیان هەیەو ئەمەش وادەکات بە دەگمەن ئاگاییمان دەربارەی وێنە میتافۆرییەکە هەبێت، ئەم چەشنە زۆرجار واتا میتافۆرییەکەی بۆ زاراوە گشتییەکانی بۆشاییو کات، یان بەشە سەرەکییەکانی جەستە دەگەڕێتەوە.

١-أ. دەمی مەتارەکە، دەمی بیرەکە

ب. Mouth of bottle

لە زمانی کوردیدا، کرۆکەواتای وشەی /دەم/ وەک ئەندامێک لە ئەندامەکانی جەستە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو بە واتا ئاشکراکەیەوە لە پرۆسەی پەیوەندییو لەیەکگەیشتندا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەکاردەهێنرێت، کە فیچەرە واتاییەکانی لە [+ئەندام، +ئۆرگانی ئاخاوتن، +جووڵە، +لێوەتێکردن] دا چڕکراونەتەوەو هەر ئەم فیچەرانەش واتا بنەڕەتییەکەی بەرجەستەدەکەن. پەیوەست بەمەوە، ئاخێوەری زمانی کوردیی لە (١_ا)دا، فیچەری [+لێوەتێکردن] ی بۆ دەربڕینی میتافۆرییانەی وشەکە بەکارهێناوەو بەهۆی زۆریی‌و بڵاویی بەکارهێنانییەوە، ئاخێوەر لە وێنە میتافۆرییەکە بێئاگایە، هەربۆیە ئەمجۆرە لە میتافۆر بە میتافۆری مردوو هەژماردەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە هەریەک لەو وێنە میتافۆرییانەی بەهۆی کەرەستەکانی /قاچ، دەست، چاو، گوێ، ...تاد/ەوە بەرهەمدەهێنرێن، هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن.

هەر لەم ڕووەوە، تێڕوانین‌و شارەزایی ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزیی پەیوەست بە فیچەری بنەڕەتیی وشەکانەوە، هۆوهاندەری دروستکردنی وێنەی میتافۆری مردوون، هەربۆیە دەکرێت بە هەمان میتافۆر بۆ زمانی کوردیی، وەربگێڕدرێت (بڕوانە (١_ا،ب)).

### ٢. میتافۆری کلێشەیی Cliché Metaphor

ئەم چەشنە لە میتافۆر، بەشێوەی دەستەواژەی کلێشەیی دەبینرێت‌و وێنەی جیاواز نیشاندەدات، نموونەکانی (٢-٤) ئەو ڕاستییە دەردەبڕن، کە میتافۆری کلێشەیی، بە شێوەیەکی کاتیی بۆ جێگرتنەوەی بیرە دیارەکان بەکاردەهێنرێت. نیومارک ١٩٨٨ بڕوایوایە، کە میتافۆری کلێشەیی، هەمیشە جێگەی بیرێکی دیارو ئاشکرا دەگرێتەوە، کە زۆرجار بۆ گوزارشکردن لە هەستەکان بەکاردەهێنرێن.*

٢-ا. هەموو سمێڵ سورێک هەمزە ئاغا نییە.

ب. All that glitters isnt gold

٣- ا. ئاو خواردنەوەیە

ب. Easy as pie

٤-ا. ساردو سڕ/ وشکوبرنگ

ب. Cold as ice

* بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:
https://www.ukessays.com/essays/english-language/newmark-and-the-translation-of-metaphors-english-language-essay.php


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

میتافۆرە کلێشەییەکان لە زمانی کوردیی‌و ئینگلیزیدا وەک وێنەی میتافۆریی، جیاوازن، بەڵام دەشێت هەڵگری هەمان چەمک بن‌و بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێن، هەروەک نمونەکانی (٢-٤)، کە میتافۆری کلێشەیین، لە هەردوو زمانی سەرچاوەو مەبەستدا دەربڕی واتای میتافۆریی لەیەکچوو و وەکیەکن.

## ٣. میتافۆری پواو[1] Stock Metaphor

میتافۆری پواو لە هەمانکاتدا بە میتافۆری ستانداردیش ناودەبرێت، کە میتافۆرێکی نەگۆڕو جێگیرەو زۆرجار لە دەوروبەرێکی زمانیی نافەرمیدا بەکاردەهێنرێت. لەڕاستیدا کارێکی هێندە سانا نییە هێڵێکی جیاکاریی رونوئاشکرا لەنێوان میتافۆری پواو و کلێشەییدا دابنرێت، بەڵکو تەنها لە شێوازو چوارچێوەی دەقە بەکارهێنراوەکانیاندا، لێکجیاوازن.

٥-ا. پوشیانخستووە.

ب. He is on the eve of getting married.

٦-ا. ئەولاترچوو./ گۆڕبەگۆڕ بوو.

ب. kicked the bucket.

٧- ا. لە خەمرەخسیوە./ لەسەر پێی خۆی وەستاوە.

ب. To flutter—and the Bird is on the Wing

نموونەکانی (٥-٧)، کە لە هەردوو زمانی سەرچاوەو مەبەستەوە هێنراونەتەوە، ئەوە دەخەنەڕوو، کە بەکارهێنانی نافەرمییانەی دەربڕاوەکان، چەمکی میتافۆرییانە لە جۆری میتافۆری پواو دەستدەخەن، هەر لەمڕووەشەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەندێک پێکهاتەی ئیدیەمی لە زمانی کوردیدا، پەیوەست بە بەکارهێنانیانەوە لە دەوروبەری نافەرمییدا، واتای میتافۆری پواو دەستەبەردەکەن.

## ٤. میتافۆری گونجێنراو Adapted Metaphor

جۆرێکی دیکەی میتافۆرە، بە ئاوێتەیەکی میتافۆری نەگۆڕو جێگیر پەسندەکرێت، کە لە دەوروبەرێکی نوێدا دەگونجێنرێت، یاخود بە هەندێک ڕێگا تایبەتمەنددەکرێت. لەڕاستیدا پەندەکان،

[1] پەروین عوسمان (٢٠٠٨: ١١٣) بەرامبەر بە زاراوەی (Stock)، لە زمانی کوردیدا زاراوەی (پواو)ی داناوە، ئێمەش زاراوەکەمان وەکخۆی بەکارهێناوەتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

كە ڕەنگدەرەوەی پەيوەنديی نێوان زمانو كلتورن، لە چەشنی ميتافۆری نەگۆڕن، بەجۆرێك لەلایەن وەرگێڕ، ياخود ئاخێوەرەوە لە دەورووبەرێكی نوێدا دەگونجێنرێن/ سازدەكرێن (بڕوانە (٨_ا،ب)).

٨-ا. خۆی تووشی سەرئێشە كرد

ب. بردیە سەر كانییەكە

## ٥. ميتافۆری بنەڕەتیی Original Metaphor

ئەو جۆرانەی ميتافۆر دەگرنەوە، كە نووسەر، يان ئاخێوەر بۆ داڕشتنی دەقێكی زۆر سەرنجڕاكێشو زۆرجاريش بۆ دەرخستنی بۆچوونێكی دياريكراو، بەرهەمیاندەهێنن، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، كە ئەمجۆرەی ميتافۆر فەرهەنگیی نيين، بەڵكو لە سينتاكسدا دادەڕێژرێنەوە، بۆ نمونە ناونيشانێكی شيعريی وەك (گۆڕستانی چراكان)ی شێركۆ بێكەس، پێویستە بە شێوازێكی وێژەييانە بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕرێت.

٩-ا. ڕابردوو شارێكی تر بوو

ب. The past was another country

هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوی (٩-ا) لە زمانی كورديدا، پەيوەستە بە گوزەشتبوونی (رووداو، ژيان، یاداشتێك)ەوە، كە بە شێوازێكی وێژەييانە داڕێژراوە، بەچەشنێك رابردوو بە شارێك چوێنراوە، كە لە ئێستادا ئامادەگی نییە، هەروەك ئەو كاتەی، كە گوزەراوەو بووە بە رابردوو، وەرگێڕانی ئەم دەربڕاوە بۆ زمانی مەبەست دەبێتە ناونيشانەدەقی چیرۆكێك، كە لە (٩-ب)دا خراوەتەڕوو.

## ٦. ميتافۆری نوێباو/ نيولۆجيزمی ميتافۆریی Recent Metaphor

ئەو چەشنەن، كە نيولۆجيزمی ناباوی ميتافۆرين، بەگشتی لە زمانی سەرچاوەدا بەكاردەهێنرێنو بەخێرایی بڵاودەبنەوە. ڕەنگە یەكێك لە نيشانە ميتافۆرييەكانی، ئەندامی پرۆتۆتايپی بنو بە بەردەوامی لە زماندا خۆيان نوێبكەنەوە.

١٠-ا. گەندەڵ

ب. corruption

ت. Corrupted file


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە زمانی ئینگلیزیدا، / Corrupted-گەندەڵی/ لە بنەڕەتدا بە واتا فەرهەنگییەکەی، کە واتای (گەندەڵیی ڕەوشت/ ئەخلاقیی) دەگەیەنێت، بەکاردێت، بەڵام وشەکە لە بواری تەکنەلۆژیادا بۆ تێکچوونو خراپبوونی فایل بە شێوەی میتافۆرییانە کەڵکی لێوەرگیراوە، هەروەک لە نمونەی (١٠ ت)دا خراوەتەڕوو لە بواری تەکنەلۆژیادا بۆ (فایلی تێکچوو)ی کۆمپیوتەر، بەکاردێت.

وشە نوێ بەبەرهەمهاتووەکان بە واتا میتافۆرییەکانیانەوە، بە دەوروبەری کلتوریو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستن، لە زمانی کوردیدا دەوروبەرە هەمەچەشنەکان بەتایبەت دەوروبەری رامیاری، زۆرترین وشەی لەسەر بنەمای میتافۆریی بەرهەمهێناوە، هەروەک وشەکانی (مەکۆ، بازنە، گەندەڵ، نوکە)، وشە بیانییەکانیش بەتایبەت ئەو وشانەی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک بەشێک لە فەرهەنگی زمانی کوردی مامەڵەیان پێکراوە، لە ئەنجامی ئەو جۆرە درکپێکردنو بەکارهێنانەی ئاخێوەری زمانی کوردییەوە، بوونەتە هەڵگری واتای میتافۆریش، هەروەک (لایک، جریوە/ تویت، پرۆفایل، ...تاد). بۆ زمانی ئینگلیزیش، کە بەپێی چێوەی توێژینەوەکەمان زمانی مەبەستە، دەوروبەرە جیاوازەکان چەندین وشەی نوێیان بە واتا میتافۆرییەکەیانەوە هەڵهێنجاوە، بۆ وەرگێڕ گرنگە وشە میتافۆرییە نوێکان لە هەردوو زمانەکەدا بناسێتەوەو چەمکە میتافۆرییەکە، نەک بنەڕەتییەکە، بۆ زمانی مەبەست بگوێزێتەوە.

بەپێی ڕوانگەی نیومارک ١٩٨٨، مۆدێلی وەرگێڕانی میتافۆرەکان، ئەو ستراتیژانە دەگرنەوە، کە تایبەتن بە گواستنەوەی واتا ئامادەکراوەکانیان، نیومارک ستراتیژی وەرگێڕانی میتافۆری لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست بەپێی جۆری میتافۆرو جۆری دەقەکە* Text typology ، خستووەتەڕوو، بۆ ئەمەش حەوت ستراتیژی وەگێڕانی میتافۆری دیاریکردووە:

* جۆرناسیی دەق Text typology دواندنە لە پۆلێنو دەستنیشانکردنی جۆرایەتیی دەق، لەم ڕوانگەیەوە جۆرناسی پشت بە جۆری دەق text type و ژێنر genre دەبەستێت، واتە بۆئەوەی بتوانین وەسفی دەقێک بکەین، ئەوا پێویستە پەی بە جۆری دەقەکەو ژێنرەکەی ببەین.

بەپێی پۆلێنبەندیی ئەرکی، جۆرەکانی دەق بۆ چەند کردەیەکی نافۆرمیillocutionary act جیادەکرێتەوە.

١. ڕاگەیاندن declaration: بەپێی ئەم ئەرکە، وشەکان کاریگەریی لەسەر جیهان دادەنێن، کە ئەمەش لە ڕێگەی کردەکانەوە جێبەجێدەکرێت، هەروەک (ناونان، بۆچوون، جیابوونەوە، تۆمەتبارکردن، مەراسیمی هاوسەرگیری، دانپێدانان...تاد).

٢. پابەندبوون Co missive: بەپێی ئەم ئەرکە، نێرەر پابەندە بە کردارێک لە داهاتوودا، کە پێویستە جێبەجێیبکات، هەروەک (بەڵێندان، سوێندخواردن، پێشکەشکردن، بەڵێننامە...تاد).

٣. نواندن Representation: بەپێی ئەم ئەرکە، نوسەر هەوڵدەدات جیهان بەو جۆرەی، کە هەیە، وێنایبکات، هەروەک (ڕاپۆرتی بەدواداچوون، تێبینیی گشتی، سیڤی، کۆوانەکان، پێشبینیی کەشوهەوا...تاد).

٤. ئاڕاستەکردن Directive: لەم ئەرکەدا، نوسەر وەرگر ڕێنماییدەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت، جیهان لە ڕێگەی وشەکانەوە ئاڕاستەدەکرێت. هەروەک (بڕیارەکان، ئامۆژگارییەکان، بانگهێشتەکان، پەروەردەکردن، داخوازییەکان...تاد).

٥. هەستدەربڕین Expressive: کردەکان پێوانەی هەست بەرامبەر بە جیهان دەکەن، (پۆزشهێنانەوە، داوای لێبوردن، سڵاوکردن، پیرۆزباییکردن، سوپاسکردن، سەرخۆشیکردن، پیاهەڵدان)، نموونەی ئەمجۆرەن.

٦. بەدواداچوون Rogative: کردەکان بۆ گەیشتنە بە باری ڕاستەقینەی شتەکان، یان ڕوداوەکان، نوسەر هەوڵدەدات لە ڕێی بەڵگەکانەوە ڕاستییەکان بسەلمێنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکەم/** بەرهەمهێنانەوەی هەمان وێنە لە زمانی مەبەستدا، بەپێی بۆچوونی نیومارک، ئەم ڕێگەیە باشترین ستراتیژە بۆ وەرگێڕانی میتافۆرە پواوەکان، کە بە زۆری ئیدیەمەکان دەگرێتەوە. بۆ وەرگێڕانی میتافۆرە پواوەکان، پێویستە وێنەی زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا شەرعییەتپێدراوانە بەرهەمبهێنرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە میتافۆری پواو بۆ ناوەڕۆکەکەی، یان زمانی وەرگێڕانی دەقاودەق کەمبکرێتەوە.

سەبارەت بە وەرگێڕانی میتافۆرە مردووەکان، پێیوایە وەرگێڕانی ئەمجۆرە میتافۆرە ئەستەم نییە، ئەگەرچی زۆرجار وەرگێڕانی دەقاودەقی شیاو نییە، بۆ نمونە لە ناونانی منداڵدا، کە جۆرێکە لە دەقی هەواڵیی Declaration، ئەگەر ناونانەکە لە شێوەی کلێشەیەکی میتافۆریدا بێت، ئەوا ناگونجێت بە شێوەی دەقاودەقیی، بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕدرێت.

١١-ا. دواناخۆشی بێتو خۆتان خۆش بن، خودا حەوت کێو بخاتە بەینتانەوە.

ب. Please accept my deepest condolences for your family lost.

دەقی (١١-ا)، کە لە جۆری دەقی هەستدەربڕە Expressive text، دەربڕینی هەستی سەرەخۆشییە، بەهۆی جیاوازیی کلتوریی‌و چۆنێتیی سەرەخۆشییەوە، دەربڕینەکانیش جیاوازدەبن، لەم رونگەیەوە، چ زمانی کوردی‌و چ زمانی ئینگلیزی، چەندین فۆڕمی نەریتیی جیاوازیان بۆ دەربڕینی سەرەخۆشی هەیە، بۆیە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەقێکی وەک (١١-ا) دا، ناتوانێت وەرگێڕانێکی دەقاودەقی وەک مەرجی گواستنەوەی دەربڕینی هەستەکە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست ئەنجامبدات، بەڵکو تەنها چەمکی سەرەخۆشییەکە نزیک لە چەمکی دەربڕاوی نێوان هەردوو زمانەکە هەڵدەبژێرێت.

**دووەم/** جێگرتنەوەی میتافۆر لە زمانی سەرچاوەدا بە وێنەیەکی ستاندارد لە زمانی مەبەستدا، ئەمە کاتێک بەکاردەهێنرێت، کە لە زمانی مەبەستدا هیچ وێنەیەک بەتەواوی پەیکاڵی فۆڕمە میتافۆرییەکەی زمانی سەرچاوە نەبێتو هاوکاتیش پێکدادان لەگەڵ کلتوری زمانی مەبەستدا ڕوونەدات.

١٢-ا. ئایندەیەکی تاریک لە بەردەمتدایە.

ب. The skies of his future began to darken.

دەربڕینی میتافۆری (١٢) بۆ گرانیی بەڕێکردنی ژیان لەسەر بنەمای لێکچوون بەرهەمهێنراوە، مەرج نییە لە زمانی مەبەستدا بە هەمان وێنە میتافۆرەکە بەرهەمبهێنرێت، یان وێنەیەکی پەیکاڵ بەم نمونەیە لە زمانی مەبەستدا بەکۆدکرابێت، بۆیە وەرگێڕ پێویستە بە میتافۆرێک جێگەی بگرێتەوە، بە مەرجێک پێکدادانی کلتوری ڕوونەدات، هەروەک دەکرێت دەربڕاوی (The skies of his future began to darken)، جێگەی وێنە میتافۆرییەکەی (١٢-ا) بگرێتەوە.

لە (١٢-ب)دا، darken بە واتای میتافۆری هەڕەشە لە ئایندە بەکارهاتووە، بەجۆرێک ئەو کاتانەی، کە رووبەڕووی دەبێتەوە، قورس‌و گرانە. ئەمەش تەنها جێگرتنەوەی میتافۆرە کوردییەکەیە لە زمانی مەبەستدا.
لەگەڵئەوەشدا دەکرێت نمونەی (٧-ا)، کە لە (٧-ب)دا وەرگێڕدراوە، بەپێی ئەم ستراتیژەش وەربگێڕدرێت.

**سێیەم**/ وەرگێڕانی میتافۆر بەهۆی لێکچوون‌و بەدەستهێنانەوەی وێنەکەوە، ئەم ستراتیژە دەربڕینی میتافۆرێکی کارتێکراو دیاریدەکات بۆ گونجاندنی لە زمانی مەبەستدا، ئەمە کاتێک دەبێت، ئەگەر ئەو دەوروبەرە تایبەتمەندییەکی کارتێکراوی نەبێت بە ئەندازەی زمانی سەرچاوە، هەرچەندە وێنەی زمانی سەرچاوە بەشێوەیەکی باو بەهۆی ئەو وێنانەوە وەردەگێڕرێت، کە لە پلەی لێکچووندا نەگۆڕن (بڕوانە (١٣، ١٤)).

١٣-ا. ئەڵێی مانگە

ب. she is a moon.

١٤-ا. مێشکی ئەڵێی کۆمپیوتەرە.

ب. your brain is a compiter.

**چوارەم**/ وەرگێڕانی میتافۆر بەهۆی لێکچوون‌و ناوەڕۆک sense- ەوە، یاخود بۆنەی میتافۆرو ناوەڕۆکەوە، کە پەیوەستن بە هەبوونی فیچەرە بنەڕەتیی‌و لاوەکییەکانی وشەو دەربڕاوە زمانییەکانەوە لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی زمانی سەرچاوەو مەبەستدا.

١٥- ا. دڵشکاو.

ب. Broken heart

١٦ ا. ژیان پێچی مێزەرێکە.

ب. Life is a rollercoaster.

**پێنجەم**/ هەڵگەڕانەوەی میتافۆر بۆ ناوەڕۆکەکەی، ئەمە ستراتیژێکە، کە وێنەی زمانی سەرچاوە بۆ ناوەڕۆکەکەی کەمدەکاتەوەو دوبارە بەشێوەیەکی گونجاو لەزمانی مەبەستدا دادەڕێژرێتەوە، ئەمەش واتای تەسککردنەوەی وێنەکە دەگەیەنێت لە زمانی مەبەستدا.

**شەشەم**/ سڕینەوە، کاتێک بەکاردەهێنرێت، ئەگەر میتافۆرەکە کەمبەها بێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**حەوتەم**/ بەستنەوەی هەمان میتافۆر بە ناوەڕۆکەکەیەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، باسنێت Bassnett، لەفیڤەر Lefevere، سنێڵ Snell-Hornby، سێ ستراتیژی سەرەکییان بۆ وەگێڕانی میتافۆر جیاکردەوە: (Bojovic, B. (2014: 77

**یەکەم**/ وەرگێڕانی میتافۆر بۆ میتافۆر، کە بە وەرگێڕانی راستەوخۆ ناودەبرێت، هەروەک لە نمونەی (١٧)دا بەرجەستەکراوە.

١٧-ا. دنیا شانۆیە.

ب. .The world is a stage

**دووەم**/ وەگێڕانی میتافۆر بۆ میتافۆری جیاواز، لەم جۆرەدا جێگرتنەوەی وێنەکە لە زمانی سەرچاوەدا لەلایەن میتافۆری زمانی مەبەستەوە بە هەمان ناوەڕۆک، یان بە هەمان پەیوەستەگی، یان بە ناوەڕۆکو پەیوەستەگییەکی لێکچوو وەردەگێڕرێت.

١٨-ا. باران بباریو باران نەباری زاوایەکم فت.

ب. .Elephant in the room

١٩-ا. ئەڵێی کوندەی سەربەرەوخوارە. / ئەڵێی بۆ هەتیو ئەباری.

ب. .Its raining cats and dogs

**سێیەم**/ دارشتنەوەی میتافۆرو گۆڕینی بۆ ناهاوتایی شێوەی وێژەییانە.

٢٠-ا. ئەقڵی/ ژیریی لە چاویایەتی.

ب. .Dont judge a book by its cover

بەپێچەوانەی نیومارکەوە، برۆک Broeck جەختی لە شیاوێتیی رێکخراویی دەربارەی وەرگێڕانی میتافۆر کردووەتەوەو سێ مۆدی بۆ وەرگێڕانی میتافۆر وەک چارەسەرێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ بەرهەمهێنانەوەی میتافۆرێکی ئایدیالیی دروست داناوە: Burmakova, E. A. & Marugina, N. I. (2014: 529)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١. تەسککردنەوەی وەرگێڕان: بۆ نمونە گواستنەوەی هەریەک لە کرۆکو (ڤیکاڵ)* ی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست.

٢١-ا. هەموو درەوشاوەیەک ئاڵتون نییە.

ب. All that glitters isnt gold.

٢. لەبریدانان: لەبریدانانی ڤیکاڵی زمانی سەرچاوە لەلایەن ڤیکاڵە جیاوازەکانی زمانی مەبەستەوە، بەهۆی زیاتر، یان کەمتر لە هەمان کرۆک.

٢٢-ا. خۆڵکردنەچاو

ب. Straw man.

٣. داڕشتنەوە: دانانی میتافۆری زمانی سەرچاوە بەهۆی دەربڕینی نامیتافۆرییەوە لە زمانی مەبەستدا.

٢٣-ا. پاکوبێگەردە وەک گوڵ.

ب. She is as innocent as the Virgin Mary.

پ. She is as pure as an angle.

کلتوری کوردو ئینگلیز لە هەندێک رەهەندی کۆمەڵایەتییدا لێکجیاوازن، ئەم جیاوازییەش لە بەچەمککردنی دەربڕاوە زمانییەکاندا پەیوەست بە چۆنێتیی گوزارشکردن لە دونیاوە رەنگیداوەتەوە، بەوپێیەی ئەم دەربڕاوانە بۆ ئاخێوەری هەر زمانێک، لێکەوتەی ڕوانینو دونیابینیی جیاوازن، لەمڕووەوە نموونەی (٢٣ ا) لە زمانی کوردیدا بۆ وەسفی کچێک دەدەبڕێت، کە لەرووی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە، باڵاترین رەوشتی مێینە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرجەستەدەکات، بەپێچەوانەوە بۆ کۆمەڵگای ئینگلیز، وەسفێکی لەو جۆرە، ماناو کاریگەریی نەرێنی دەبێت، هۆی ئەمەش بۆ جیاوازیی کلتوریی پەیوەندیی نێوان نێرومێ دەگەڕێتەوە.

بەمپێیە ئەگەرچیی دەربڕاوەکانی (٢٣)، لەبنەڕەتدا وەسفن بۆ پاکیی ڕەگەزی مێ _کچ_و بەرنەکەوتنی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا، بەڵام جیاوازیی کلتوریی وادەکات، نموونەکانی (٢٣ ب، پ) پەیوەست بە کلتوری ئینگلیزەوە هەڵگری واتایەکی نەرێنیی بن، بۆیە وەک وەسف/ تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتیی دزێو وێنادەکرێن. ئەم جیاوازییە کلتورییەش، وەرگێڕ ناچاردەکات بۆ وەرگێڕانی

* هەموو دەربڕاوێکی میتافۆریی لە تۆپیک topic و ڤیکاڵ Vichalپێکدێت، تۆپیک بریتییەلە بابەتە بنەڕەتییەکە، ڤیکاڵیش ئەو چەمکە میتافۆرییەیە، کە دەخرێتە پاڵ تۆپیک، بۆ نمونە لە دەربڕاوێکی وەک (کچەکە مانگە.)دا، /کچ/ بریتییەلە کەرەستە سەرەکییەکە، کە تۆپیکەو جوانیی کچەکەش، کە لە مانگدا چڕکراوەتەوە، ئاماژە بە ڤیکاڵی میتافۆرەکە دەکات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەقێکی لەم چەشنە، جارێکی دیکە میتافۆرەکە دابڕێژێتەوە، تاوەکو لە ڕێگەی ڕاڤەکردنێکی نامیتافۆرییەوە، دروستیی چەمکەکە پەیوەست بە کلتورە دیاریکراوەکەوە بۆ زمانی مەبەست بگوێزێتەوە.

### ١/٢ گریمانەکانی وەرگێڕانی میتافۆر

میتافۆر وەک تێگەیشتنی پرۆسەی درکپێکردنە، کە بیرکردنەوەکان بە ڕێگەی لێکچوون‌و جیاوازی لە مێشکی مرۆڤدا بەچەمکدەکرێن، لەمڕوانگەیەوە، وەرگێڕانی میتافۆر وەک پرۆسەیەکی نێوکلتوریی، کارێکی سادەو سانا نییە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە ڕایەڵەکانی کۆزانیاریی نێوکلتوری داوادەکات، کە پشت بە درکپێکردنە جیاوازەکانی زمان‌و کلتوری کۆمەڵگا جیاوازەکان دەبەستێت، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەک لە کردەکانی وەرگێڕان وەک جێگرتنەوەی میتافۆر بە میتافۆرێکی جیاواز پێشنیازبکرێن، یان داڕشتنەوەی میتافۆرو گۆڕینی بۆ ناوەڕۆکەکەی، یان بەراوردکردنی میتافۆرەکان، یان سڕینەوەیان.

پسپۆڕەکانی وەرگێڕان هەوڵی ناساندنی هاوتایی‌و گونجانی وەرگێڕانیان داوە، لە سەرەتای ساڵی نەوەدەکانەوە کۆمەڵێک زمانەوان بە لەبەرچاوگرتنی گرفتەکانی وەرگێڕان لەنێوان زمانی سەرچاوەو زمانی مەبەستدا، ویستیان بە میتۆدێکی جیاواز کاربکەن، کە میتۆدی هاوتایی درکپێکردن Cognitive Equivalence بوو.

لەم میتۆدەدا بە ئەسپێکتێک، یان زیاتر، کار لەسەر چەمکی میتافۆر دەکرێت، ئەمەش بەهۆی لێکچوون، یان جیاوازیی مەرجی نەخشەییەوە دەستەبەردەکرێت. ئەم میتۆدە کار لەسەر ئەوە دەکات، کە چۆن میتافۆرو دەربڕینە میتافۆرییەکان بە وەرگێرانێکی ڕاستەقینە وەردەگێڕدرێن.

ئەلزوبیی Al-Zoubi 2006 بانگەشەی بۆ پەیوەندیی نێوان میتافۆرو بواری کلتوریی جیاواز کردووە، بەجۆرێک پێویستە وەرگێڕ دەستبەسەر نەخشە چەمکییەکەی زمانی سەرچاوەی خوێنەردا بگرێت، کە ئەوەش درکپێکردنی هاوتای کلتوریی زمانی مەبەستەو پێویستە ڕەچاوبکرێت.

ئەلحەسنەویی Al-Hasnawi لە ٢٠٠٧ دا پێشنیازی ئەوەی کرد، کە چوارچێوەی درکپێکردنی کلتوریی، هاوتاکردنی کلتوری‌و گریمانەی هاوتای درکپێکردن بۆ وەرگێڕانی میتافۆر بەکاربهێنرێن، کە پشت بە گریمانەکانی درکپێکردنی وەرگێران دەبەستن، ئەمەش لەلایەن ماندێلبلیت Mandelblit 1995 ەوە پێشنیازکراوەو بۆ جیاکردنەوەی مەرجی لێکچوونی میتافۆری‌و جیاوازیی میتافۆریی، بەکاردەهێنرێت.

مەرجی لێکچوونی میتافۆریی لە زمانی سەرچاوەو مەبەستدا، بەکارهێنانی هەمان میتافۆرە لە مەودای بەچەمککردنەکەیدا، لەکاتێکدا مەرجی جیاوازیی لە زمانی سەرچاوەو مەبەستدا، بەکارهێنانی میتافۆری جیاواز دەگرێتەوە. ئەلحەسنەویی لەسەر بنەمای مەرجی جیاوازیی‌و لێکچوونی میتافۆریی، پێشنیازی سێ چەشن لە مەرجی نەخشەی درکپێکردنی بۆ وەرگێڕانی میتافۆری کردووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١. ئەو میتافۆرانەی هەمان مەرجی نەخشەی میتافۆرییان هەن.

٢٤-ا. روناکیی ژیانمە.

ب. The light of my life.

دەربڕاوی (٢٤-ا)، میتافۆریانە بۆ دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی بەکارهێنراوە، لە (٢٤-ب)یشدا تێبینییدەکرێت لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانی ئینگلیزی، هەمبەر بە روناکیی، بە وشەی light چەمکە میتافۆرییەکە بەرهەمهێنراوە، تاوەکو هەڵگری هەمان مەرجی میتافۆریی بێت، هەربۆیە (٢٤-ا،ب)، بە هەمان مەرجی لێکچوونی میتافۆری وەرگێڕدراوە.

٢. ئەو میتافۆرانەی، کە هەمان مەرجی نەخشەی میتافۆرییان هەن، بەڵام بە وشەی فەرهەنگیی جیاواز جێبەجێدەکرێت.

٢٥-ا. لە خۆشیدا فڕی.

ب. Bubbly personality.

٢٦-ا. کات تیغە.

ب. Time is a thief.

لە زمانی کوردیدا بۆ گوزارشکردنی بارە دەروونییەکانی مرۆڤ، هەروەک (سۆزو خۆشەویستی، رێزگرتن، سەرسوڕمان، هۆگربوون، عەشق، رق، هەڵچوون، ترس...تاد)، میتافۆری جیاواز بەکارهێنراوە، بۆ نمونە دەربڕاوی (٢٥-ا) زیاتر لە دڵخۆشیی، ئاماژە بە شاگەشکەبوون دەکات، وەرگێڕانی دەربڕاوێکی لەو جۆرە بۆ زمانی ئینگلیزی، مەرج نییە بە هەمان نەخشەی میتافۆریی لە زمانی مەبەستدا بەکۆدکرابێت، بەڵکو رەنگە بە نەخشەی میتافۆری جیاواز هەمان چەمک بەرهەمهێنرابێتو دەستبخرێتەوە، هەروەک لە (٢٥-ب)دا خراوەتەڕوو.

٣. ئەو میتافۆرانەی مەرجی نەخشەییان جیاوازە. Elsedding, M. A. & Ahmad, M. (2016: 47)

درکپێکردنی مرۆڤ بەپێی کلتورو بڕواو ئایدۆلۆژییەتی تاک بۆ شتەکانی دەوروبەری، دەگۆڕێت، لەم روانگەیەوە درکپێکردنەکان لە بەرهەمهێنانی میتافۆرەکاندا جیاوازدەبنو نەخشەی میتافۆری هەمەچەشنەیان لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە گەر بڕوانینە نمونەی (٢٦-ا،ب) لە زمانی کوردیو ئینگلیزیدا، ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە نەخشەی میتافۆریی هەردوو زمانەکە لە بەرهەمهێنانی هەردوو میتافۆرەکەدا جیاوازن.

### ٢/٢ هاوتاکردنی درکپێکردن بۆ وەرگێڕانی میتافۆری Zhang, W. (2013: 790)

هێماکانی زمان راستەخۆ هاوتای جیهانی دەرەوە نین، بەڵکو زمان لەگەڵ پێکداچوونی نێوان درککردنی مرۆڤو حەقیقەتی کۆنکرێتیدا دەگونجێنرێت، راستیی ئەمەش زیاتر لە بواری وەرگێڕاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە وەرگێڕانی میتافۆری تەقلیدیی، لەلایەن میتۆدێکی جوانناسییەوە کۆتوبەنددەکراو جەخت لە گواستنەوەی بەشێکی گەورەی دەکرایەوە، بەڵام ئەمە لە ئاستە بچوکەکەیدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەو پێڕەوبەندانە نییە. ئەمەش هۆکار بوو بۆ بەستنەوەی وەرگێڕانی میتافۆر بە بواری هاوتاکردنو دواتر درککردنەوە.

### ٢/٢-١ تیۆری هاوتاکردنی ئەرکی

نیدا ١٩٦٤ چوارچێوەیەکی چەمکیی داینامیکی هاوتاکردنی دانا، کە فۆکسی خستەسەر هاوتاکردنی ئەو کاریگەرییەی، کە دەقی سەرچاوەو مەبەست لەلایەن وەرگرەوە هەیەتی. لە کۆتایی ١٩٨٠ دا، نیدا گۆڕانکاری بەسەر داینەمیکی هاوتاکردنەکەدا هێناو گۆڕی بۆ هاوتاکردنی ئەرکی، بەڵام ئەوەی روونکردووەتەوە، کە هاوتاکردنی واتای ئەرکی، هەروەک داینەمیکی هاوتاکردن وایە، واتە وەک سروشتی هاوتاکردنی ئەرکییە، نیدا پێشنیازیکرد، کە پرۆسەی وەرگێڕان پشت بەو زەمینەیە ببەستێت، کە وەرگری وەرگێڕانێک پێویستە ئیستیعابی دەقە وەرگێڕاوەکە بکات تا ئەو رادەیەی، کە بتوانن تێبگەن لەوەی چۆن وەرگری دەقە بنەڕەتییەکە لە دەقە بنەڕەتییەکە تێدەگات، بۆیە بەراوردکردنی وەرگری هەردوو دەقەکە بەلای نیداوە گرنگ بوو.

لای نیدا هیچ وەرگێڕانێک هاوتای تەواوەتی نییە، بەڵکو ژمارەیەک لە وەرگێڕانە جیاوازەکان پلەیەکی هەمەچەشن لە هاوتایی دەنوێنن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوتایی ناکرێت وەک واتای ماتماتیکی لە وەکیەکیدا بگەیەنرێت، بەڵکو تەنها مەودایەکە بۆ نزیککردنەوەی هەردوو دەقی زمانی سەرچاوەو مەبەست، کە ئەمەش لەڕاستیدا بەهۆی کشانو نەرمێتیی هاوتایی زمانی مەبەستەوە ئەنجامدەدرێت، لەمڕوانگەیەشەوە، نیدا هاوتایی بۆ دوو ئاست جیاکردووەتەوە، هەروەک زۆرترین هاوتاییو کەمترین هاوتایی.

لەبارەی زۆرترین هاوتاییەوە، پێویستە خوێنەری دەقە وەرگێڕراوەکە لە دەقەکە تێبگاتو دەقە وەرگێڕراوەکە وەک هەمان خوێنەری دەقی سەرچاوەکە بنرخێنێت، ئەمەش بریتییەلە خواستی وەرگێڕ. لەکاتێکدا زاراوەی کەمترین هاوتایی، ئەوە پێشنیازدەکات، خوێنەری دەقە وەرگێڕراوەکە پێویستە وێنای ئەوە بکات، کە چۆن خوێنەری دەقە سەرچاوەییەکە لە دەقەکە تێدەگاتو بەهۆی تێگەیشتنیان لە دەقە وەرگێڕراوەکەوە، چۆن دەینرخێنێت. ئەمەش ئەوەیە، کە دەبێت وەرگێڕ بۆ تەواوکردنی وەرگێڕانەکە ئەنجامیبدات.

٢٧-I. ئەو بیلبیلەی چاومە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب. He is the apple of my eye.

٢٨-ا. دڵناخۆش/ دڵتەنگ

ب. Feel blue

٢٩-ا. * کات پارەیە

ب. Time is money.

درکپێکردنی هەردوو زمانی سەرچاوەو مەبەست لە بەرهەمهێنانی میتافۆرەکانی (٢٧-٢٩)دا جیاوازە، بەپێی بۆچوونی نیدا، وەرگێڕ پێویستە بایەخ بە بەراوردکردنی تێگەیشتنی خوێنەر بدات لە دەقە بنەڕەتییەکەو ئەمەش بکاتە بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنی وەرگێڕانەکەی. ئەم بنەمای تێگەیشتنە، بڕی هاوتایی نێوان هەردوو دەقی سەرچاوەو مەبەست دیاریدەکات، ئەگەر بڕوانینە نمونەکانی (٢٧، ٢٨)، ئەگەرچی درککردنی جیاوازن، بەڵام بڕی هاوتایی چەمکە میتافۆرییەکانیان نزیکن‌و گوێزەرەوەی هەمان هەستن، لەکاتێکدا دەربڕاوی (٢٩) هەم درککردنی جیاوازەو هەم بڕی هاوتاکردنی درکپێکردنیان دوورن، چونکە لە کلتوری زمانی کوردیدا، پارە کەرەستەیەکی ڕەهای بەهاو نرخ نییە تا لەگەڵ کات هاوتابکرێن بە یەکتری.

وێڕای بایەخ‌و گەورەیی تیۆرییەکەی نیدا، بەڵام لەلایەن هەندێک لە زمانزانەکانەوە پشتگیریی تەواونەکرا، بەڵکو بیرۆکەی لێوەرگیرا بۆ فراوانکردنی تیۆرییەکەی، چونکە تیۆری وەرگێڕانی هاوتای ئەرکی، ئامانجی وەرگێڕانەکە لە سەرجەم دەقە جیاوازەکاندا ناپێکێت‌و کەموکوڕیی مەبەست‌و واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆرەییەکەی نیدا، گریمانەی هاوتاکردنی درکپێکردن Hypothesis Cognitive Equivalence، پێشنیازکرا.

### ٢-٢/٢ هاوتاکردنی درکپێکردن

#### ١-٢-٢/٢ پەسنکردنی گریمانەی هاوتاکردنی درکپێکردن

میتافۆر چالاکییەکی درکپێکردنە، کە شارەزاییەکان لە بواری (ا)دا شیدەکاتەوە، یان تێدەگەیەنرێت، پاشان بۆ مەودای (ب) دەگوێزرێتەوەو بەکاردەهێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە میتافۆرەکان لە زمانەکاندا هەندێک جیاوازیی درککردنی بیرییان هەن، لەبەرئەوە وەرگێڕ پێویستە لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکدا تێبینیی درککردن لە کلتورە جیاوازەکاندا بکات، بەجۆرێک میتافۆرەکان لە دەقە بنەڕەتییەکەدا بۆ هەندێک ناوەڕۆکی درکپێکراو بگۆڕێت‌و لەلایەن خوێنەری دەقی مەبەستەوە وەربگیرێت. پێویستە وەرگێڕ وەرگری دەقی مەبەست وەک ئاڕاستەیەک دابنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

درککردنی وەرگرەکان دەربارەی جیهان دیاریکراون، پێویستە وەرگێڕ ناوەڕۆکی درکپێکردن بۆ زمانی مەبەست وەربگێڕێت، بۆئەوەی تاڕایەکی زۆر بتوانێت هاوتاکردنی درکپێکردنی ڤیکاڵەکان لەنێوان دەقی سەرچاوەو مەبەستدا بناسێتەوە، ئەمەش بە گریمانەکردنی هاوتای درکپێکردن ناودەبرێت.

٣٠-ا. شەکر لە دەمی ئەبارێت.

ب. His words were cotton candy.

لە (٣٠-ا)دا، ڤیکاڵی بەرهەمهێنانی میتافۆرەکە بریتییەلە (شیرینی)، کە هەردوو مەودای (قسە/ وشە، شەکر/ پاقلاوە) لە (زمانشیرینی/ قسەخۆشی)یدا بەیەکەوە گرێدەدات، درککردنی وەرگێڕ بە ڤیکاڵی هەردوو زمانەکەو بەراوردکردنیان، هۆکار دەبێت بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانە، بەجۆرێک وەرگێڕانی دەربڕراوەکە بۆ زمانی مەبەست بە هەمان چەمکی ڤیکاڵ دەگوێزێتەوە.

**٢/٢-٢-٢ پلەدارێتیی گریمانەکردنی هاوتای درکپێکردن**

جیاوازیی درککردنی مرۆڤ لە کلتورە جیاوازەکاندا وادەکات، مەحاڵ بێت بۆ وەرگێڕ بتوانێت بە رەهایی هاوتاکردنی درکپێکردن لەنێوان خوێنەری زمانی مەبەستو خوێنەری زمانی سەرچاوەدا بناسێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە پلەی هاوتاکردنی درکپێکردن رەچاوبکرێت، هەروەکو تیۆری درکپێکردنی ئەرکیی، هەریەک لە کەمترین هاوتاییو زۆرترین هاوتایی دەگرێتەوە.

٣١-ا. ئەو ئەڵێی گوڵە.

ب. She is like a flower.

لە کلتوری کورددا وشەی /گوڵ/ میتافۆریانە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردەهێنرێت، هەروەک (جوانی، پاکی، بۆنخۆشی)، ئەمەش بریتییەلە دنیادیدەییو درکپێکردنی ئاخێوەری زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی میتاڤۆریانەی وشەی /گوڵ/، دەشێت ئەم درکپێکردنە بۆ ئاخێوەری ئینگلیز جیاواز بێت، بۆیە مەرج نییە لە رێگەی وەرگێڕانی هەمان وشەوە flower، هەمان مەبەستە میتافۆرییەکە دەستبکەوێتەوە (بڕوانە (٣١-ا،ب)).

## ئەنجام

بەپێی ئەو داتایانەی لە دوتوێی توێژینەوەکەدا تاقیکرانەوە، ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجرێت، کە ستراتیژەکانی نیومارک لە وەرگێڕانی چەمکە میتافۆرییەکانی زمانی کوردیدا کورتدەهێنن، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە بۆ لێکچوونو مەودانزیکیی نێوان جۆرەکانی میتافۆرو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ فەرامۆشکردنی رەهەندی کلتوریو درککردن لە بەرهەمهێنانی جۆری میتافۆرەکانو ستراتیژەکانی وەرگێڕانی میتافۆردا دەگەڕێتەوە، لەم دیدگایەوە، ناڕوونیی جۆرەکانی میتافۆر بەتایبەتی لە چەشنی کلێشەییو پواوو گونجێنراودا دیاریدەکەین، بەجۆرێک لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانی مەبەست، وەرگێڕ دوچاری گرفتی تێگەیشتن دەکات، چونکە مەرج نییە هەمان جۆری میتافۆر لە زمانی کوردیدا بە هەمان جۆری میتافۆر لە زمانی ئینگلیزیدا بەرهەمهێنرابێت، یان وەک وێنەی میتافۆری، کەڵک لە کرۆکەواتای وشەکە وەرگیرابێت، بۆ نمونە پێشبینیناکرێت ئەندامەکانی لەش، کە لە دروستکردنی وێنەی میتافۆریدا بەهادارن، بۆ هەردوو زمانەکە هەمان بەهای میتافۆرییان هەبێت، هەروەک چەمکی میتافۆریی وشەی /گوێچکە/ وەک ئەندامی لەش، بۆ بەشی سەرووی تیانوسی/ دەفتەری تاقیکردنەوە بەکارهاتووە، هەروەک دەوترێت: <گوێچکەی دەفتەرەکانم بڕیوە.>، وەرگێڕانی رستەیەکی وەها بۆ زمانی مەبەست، کە بەپێی توێژینەوەکە زمانی ئینگلیزییە، مەرج نییە لە رێگەی دونیابینیو تێڕامانی هەمان ئەندامەوە چەمکە میتافۆرییەکەی لێوە بەرهەمبهێنرێت، بۆیە ناکرێت جۆری میتافۆرەکان لە هەردوو زمانی سەرچاوەو مەبەستدا پەیکاڵبن بەیەکتر، ئەمەش ناگشتگیریو کەموکوڕیی ستراتیژەکانی نیومارک بەرجەستەدەکات.

هەمبەر بەمە، گریمانەکانی هاوتاکردنی ئەرکیو بەتایبەتی هاوتاکردنی درکپێکردن، چارەسەری زۆرینەی ئەو گرفتانە دەکات، کە لە بەردەم وەرگێڕانی میتافۆردا دەبنە کۆسپ، هۆکاری سەرکەوتنی گریمانەی هاوتاکردنی درکپێکردن بەتایبەتی، بۆ تێبینیو رەچاوکردنی لێکچوونو جیاوازیی درککردنی مرۆڤو کلتور لەنێوان زمانی سەرچاوەو مەبەستدا دەگەڕێتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەكان


### ا. بە زمانی كوردی:

١. بەكر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٢. پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٨)، واتاو وەرگێران، تێزی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی كۆیە.

٣. تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٣)، پراگماتیكی فەرهەنگیو پێكداچوونی پێكهاتەكانی، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

### ب. بە زمانی ئینگلیزی:

3. Bojovic, B. (2014), Strategies o Metaphor Translation, ELTA Journal, Volume 2, No. 2.

4. Burmakova, E. A. & Marugina, N. I. (2014), Cognitive Approach to Metaphor Transla tion in Discourse, Procedia, Published by Elsevier.

5. Dickins, J. (2005), two models for metaphor translation.

6. Elsedding, M. A. & Ahmad, M. A. (2016), Problems in Translating Metaphorical Expressions, International Journal of Humanities social Sciences and Education, Volume 3, Issue 6.

7. Moreno, V. & Rosa, E. (2007), Creativity and Convention (The Pragmatics of Everyday Figurative speech).

8. Nida, E. (1964), Principles of Correspondence, London, Rouledge.

9. Toury, G. (1978), The Nature and Role of Norms in Translation, revised 1995, London, Rouledge.

10. Zhang, W. (2013), An Exploration of "Anger" Metaphor Translation Based on Cognitive Equivalence Hypothesis, ACADEMY PUBLISHIER, Finland.

### پ. پێگەی ئەلەكترۆنی:

11. https://www.ukessays.com/essays/english-language/newmark-and-the-translation-of-metaphors-english-language-essay.php



p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

## الخلاصة

هذا البحث بعنوان ( استراتيجيات ترجمة مجاز من اللغة الكوردية الى اللغة الانكليزية) يتناول استراتيجيات ترجمة المفاهيم المجازية من اللغة الى اخرى و لهذا الغرض تم اخذ استراتيجيات (Nida, Snell, Newmark, Bassnett, Lefevere) كاستراتيجيات تقليدية، و من ثم تم التركيز على استراتيجيات المعريفية لكل من (**ماندلبليت، الزوبي، الحسنوي**)، و في مجال المعرفة اللغوية لترجمة المجاز من اللغة الكوردية الى اللغة الانكليزية تم الاعتماد على الاستراتيجيات المذكورة.

يتكون البحث من فصلين، و البحث دراسة وصفية تحليلية و تم اخذ البيانات و الامثلة من اللغة الكوردية و اللغة الانكليزية.

و ان اهمية البحث تظهر في عرض الطرق و الاستراتيجيات الحديثة للترجمة و ادراك المترجم بالمشاكل اللغوية و الثقافية و محاولة حل هذه المشاكل بطريقة علمية.

## Abstarct

This research is entitled (Strategies of metaphor's translation from Kurdish to English), which exposes and illustrates those ways that translate metaphorical concept from one language to another language. For this perpose, strategies of (Nida, Snell, Newmark, Bassnett and Lefevere) are taken as standard strategy. Then, the focus on strategies of cognitive scope is emphasized; particularly Mandelblit, Zoubi and Hasnawis’ strategy in cognitive linguistics scope for metaphor translation from Kurdish language to English language are depended on. The research consists of two chapters, which is applied according to descriptive study and applied method. These data and examples are taken from Kurdish and English language.

In general, the significant of this research is to show and indicate the standard and new method of translation and cognition of translator by those matters of language and cultures which are built, then he/ she attempts to solute it.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)